# دوا بەڵێن

## دڵشاد ئیبراهیم

خۆشەویستم

لەوەتەی کۆچت کردوەو

بێماڵئاوايیو بێچارە

دڵی زامدارت جێهێشتووم..!

ئەوەندەی زامی دەروونی

مرۆڤێکی بەرسێدارە

خەمو ناسۆرت پێچێژتووم

بەبەردەوامیو تائێستاش

بێهەڵهاتنی تروسکایی ئومێدێك
بەدوای گزنگی ڕۆشنی
خۆری چاوەکانتا وێڵم
هەر بەوێنەی بولبولێکی بەندکراوی
نێو قەفەزی شەوەزەنگێکی تەنیایی
لەغوربەتی،
عیشقی تۆدا ئەناڵێنم

ڕادەی بەرزی خۆشەویستیم
بەرامبەر تۆ
تاکە بڵێسەو هەوێن بوو
بۆ سەرەنجامی بڕیاری

دوابەڵێنم.!

بەڵێنێک کە

هەرگیز دوای تۆ

دەستی هۆنراوەی ئەوینم

لە زوڵفی خاوی هیچ شۆخە

کیژێکی تر

نەئاڵێنم.!

08.08.1995

Ku